وەسییەت وئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی تەقوای خودا بکەن، و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری کاربەدەستی موسوڵمانان بن، ئەگەر چیش کاربەدەست بەندەو کۆیلە بوبێت، چونکە ئەوەی لە پاش من دەمێنێت ناکۆکییەکی زۆر دەبینێت، بۆیە لەو کاتەدا دەست بگرن بە سوننەت و ڕێبازی من، وسوننەت وڕێبازی جێنشینە ڕاستڕەوە ڕێنموێنیکراوەکان

لە ئەبی نەجیح عیرباز کوڕی ساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگارییەکی کردین کە دڵەکانی دەلەرزاند، و چاوەکان فرمێسکیان لێ دەهات، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ! بە جۆرێک ئامۆژگاریت کردین وەک ئەوەی ئامۆژگاری کەسێك بێت مالئاوایی دەکات؛ بۆیە وەسییەت وئامۆژگاریمان بکە، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «وەسییەت وئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی تەقوای خودا بکەن، و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری کاربەدەستی موسوڵمانان بن، ئەگەر چیش کاربەدەست بەندەو کۆیلە بوبێت، چونکە ئەوەی لە پاش من دەمێنێت ناکۆکییەکی زۆر دەبینێت، بۆیە لەو کاتەدا دەست بگرن بە سوننەت و ڕێبازی من، وسوننەت وڕێبازی جێنشینە ڕاستڕەوە ڕێنموێنیکراوەکان، (ئەم ڕێباز و سوننەتە) بە خرێکانتان بگرن، و خۆتان بەدوور بگرن لە شتی داهێنراو و زیادە، چونکە بێگومان هەموو داهێنراوێک (بیدعەیەك لە ئایيندا) گومڕاییە».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاریەکی هاوەڵانی کرد کە دڵەکانی ترساند وچاوەکان فرمێسکیان کرد. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا وەکو ئەوە وابێت ئامۆژگاری کەسێکە مالئاوایی بکات ؛ چونکە زۆر جەختی دەکردەوە لەسەر شتەکان لەم ئامۆژگاریەدا، وداوای وەسیەتیان لێکرد بۆئەوەی لەپاش ئەو دەستی پێوە بگرن، فەرمووی: وەسیەتتان دەکەم بە تەقوای خوای گەورە -عز وجل-، وئەمیش دێتە دی بە جێبەجێکردنی واجبەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان، وگوێڕایەڵ بوون وجێبەجێکردنی فەرمانەکان ؛ واتا دەرهەق بە کاربەدەستەکان، ئەگەرچیش بەندەیەک بێتە کاربەدەست یان خۆی بکات بە فەرمانڕەوا، واتا تەنانەت ئەگەر مرۆڤێك کە کەمترین پلەی هەیە لەلای خەڵکی بوو بە فەرمانڕەواتان ؛ ئەوا نابێت خۆتان بەگەورە بزانن لەئاستی ودەبێت گوێڕایەڵی بن، لەترسی نانەوەی فیتنە، وئەوەی بەژیاندا بمێنێت؛ ناکۆکی زۆر دەبینێت، پاشان ڕێبازی ڕزگاربونی ڕوونکردەوە لەم فیتنە وناکۆکیانە، ئەویش بەدەستگرتنە بە سونەت وسونەتی خەلیفە ڕێنموێنیکراوەکان لەپاش ئەو، ئەبوبەکری سدیق، وعومەری کوڕی خەتاب، وعوسمانی کوڕی عەفان، وعەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوایان لێبێت-، وخۆگرتن بە سونەتەوە بە ددانە خرێکان ؛ ئەمیش بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر دەستگرتن بە سونەت بە ئەوپەڕی توانا وجدی وپتەوی وچەسپاویەوە، وئاگاداری کردنەوە لە شتە داهێنراوەکان لەئایندا، چونکە هەموو داهێنراوێك لە ئایندا گومڕاییە.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee